

# ئازاد قەزاز

# " ئیسلام سەرەتا خۆڕزگارکردنە ، کۆتایی خۆبەندکردنە ، سەرەتاکەی موحەمەدە و کۆتاییەکەی بن لادنە "

ئینتەرڤیو
یاسین عومەر

**● ئازاد قەزاز یەکێکە لەو رۆشنبیرانەی کە ماوەیەکی زۆرە لە کێڵگەی مەعریفەی ئیسلامی و تیۆلۆژیادا خەریکی کۆڵینکاری و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونە، شارەزاییەکی ئەوتۆی لەبواری مێژوی ئیسلام و بزاوتە فیکریی و سیاسییەکانی ئیسلامدا هەیە کە وایلێکردین لەمڕووەوە ئینتەرڤیویەکی لەتەکدا بکەین، قەزاز ئێستە لە ولاّتی هۆڵەندایە و لەکۆتاییهێناندایە بە نامەی ماستەرەکەی کە پێدەچێت لە بارەی تیۆلۆژیاوە بێت، سەبارەت بە ئیسلامی سیاسی و چەند پرسێك کە پەیوەستن بە ئیسلامی سیاسییەوە لەگەڵ قەزازدا کەوتینە گفتوگۆ ..**

**لڤین: لە ئیسلامی سیاسییەوە ئیسلام بخوێنینەوە، یان لە ئیسلامەوە سەیری ئیسلامی سیاسی بکەین ؟ چ پەیوەندییەك ئەم دووانە بەیەکەوە دەبەستێت ؟ لەکوێدا جیادەبنەوە ؟ چۆن دەڕوانیتە ئەوانەی دەیانەوێت ئەم دووانە بکەنە دوو ڕووی یەك دراو ؟**

ئازاد قەزاز : لە هەندێ ڕووەوە دەتوانین بڵێین ئیسلامی سیاسی و ئیسلام خۆی یەکشتن، بە دیوێکی تردا دەتوانینین بڵێین جیان. لە ڕووی پرۆسەی مێژووییەوە پرۆسەیەکی درێژکراوەن و هەردوو ئیسلامی سیاسی و ئیسلام دەکەونە یەك چوارچێوەوە . بەڵام لەڕووی چۆنیەتیەوە ئەوا دوو شتی زۆر لەیەکتر جیاوازن، ئەویش ئەوەیە ئیسلام لەسەرەتادا کە دروستدەبێ جۆرێ ماهیەتی هەیە و لە کۆتاییدا جۆرێکیتر . کەواتە یەك پرۆسەی مێژووییە و سەرەتا و کۆتایی هەیە و دوو خاڵی جیاوازیشن کە خاڵی سەرەتا و خاڵی کۆتایە. وەك نموونەی رووەکێك یان درەختێکە کە لە سەرەتادا (( تۆو )) ێکە و دەبێتە درەخت و بەرهەم دەبەخشێت تا پیر دەبێ و بەرهەمەکەی کاڵ و کرچ و تفت دەبێ. چونکە ئەم رووەکە یان درەختە لە کاتی گەشەکردن و بەرهەمبەخشیندا کاریگەری دەرەکی لە ئاو هەوا و نەخۆشییەکانی زەوی و ژینگە لە گەڵیدایە. ئەو حاڵەتەی کە موسوڵمانی تێدا بووە لە سەرەتای دروستبوونی ئیسلامدا زۆر جیاوازە لەو حاڵەتەی کە موسوڵمانی تێدایە لە کۆتایی هاتنی ئەو دروستبوونەدا. سەرەتای ئیسلام پرۆسەیەکە هەڵوەشاندنەوەی رابردوو و کەلتوور و ئایدۆلۆژیای باوی ئەو سەردەمەیە بەڵام کۆتایی ئەو دروستبوونە چەسپاندنی رابردوو و کەلتوور و ئایدۆلۆژیایە. سەرەتا خۆڕزگارکردنە، کۆتایی خۆبەندکردنە . سەرەتاکەی (( موحەمەد ))ێکە کە موعاناتی رۆحی و رەوشتی هەیە و دۆزینەوەی حەقیقەت خولیایەتی، کۆتاییەکەی (( بن لادن ))ێکە رۆحێکی شەڕانگێزی و خۆسەپاندنی هەیە و دەسەڵات و سیاسەت خولیایەتی. موحەمەد لە گۆڕان ناترسێ و کۆمەڵگای وەستاو دەجوڵێنێ و ستاتیك دەگۆڕێ بۆ دینامیك، کەچی کۆتاییەکەی دەیەوێ جوڵە و گۆڕان بوەستێنێت، چونکە لە گۆڕان دەترسێ.

ئەو کاتەی ئیسلام لە سەرەتادا دەستکاری هەستونەستی عەرەبەکانی کرد تا ئەو خوایەی هەزاران ساڵە لە نەستیاندا نیشتووە بیگۆڕێت، کۆتاییەکەی دەیەوێت هەر ئەو خوایە لە نەستی موسوڵمانەکاندا بهێڵێتەوە و لەو زیاتر هیچیتر نەناسن. سەرەتا ئەنتی باوان بوو، کۆتایی سەپاندنی باوانە واتە ئەنتی نەوەیە. سەرەتا شەرعیەتی لە هەموو دەسەڵاتە کۆنەکان سەندەوە و خۆی لێیانجیاکردەوە، کۆتایی شەرعیەتیان پێدەدا و دەستیان لەگەڵدا تێکەڵدەکات .

ئەمڕۆ ئیسلامی سیاسی لە پرۆسەی مێژووی ئیسلامدا، نوێنەرایەتی ئەو کۆتاییە دەکات. هەرچەندە گەلێکیش لە باڵە جیاوازەکانی ئەو ئیسلامی سیاسییە خۆیان واداناوە کە لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتندان، بەڵام بە بۆچوونی من ئەوان بە هەڵەداچوون و لە وەهمدا دەژین. ئەو گۆڕانەی ئەوان باسی لێوەدەکەن گۆڕانێکی رووکەشی و رووخسارە. هەرچەند تا ئێستە لای ئێمە هەموو ئایدۆلۆژیاکانی تریش گۆڕانەکانیان بنەڕەتی نییە و هەر رووکەشییە، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە کە ئیسلامی سیاسی بەرگەی گۆڕانی جەوهەری و بنەڕەتی ناگرێت، لەبەر ئەوەی هێڵی سووری زۆر و سنووری پتەویان بەدەوری خۆیاندا کێشاوە. ئەم حاڵەتە بیرکردنەوەیان سنووردارده‌کات، هەرچەند مەودای ئەو بیرکردنەوەیە فراوانیش بێت، هەر سنووردار دەبێ و لە حاڵەتی دۆگماییدا دەیانهێڵێتەوە .

ئیسلام لەسەرەتادا وەك مەعریفە و رەوشت و پاشان دەسەڵاتی سیاسی دەستپێکرد بەڵام ئیسلامی سیاسی بەتقوس و پاشان بە دەسەڵاتی سیاسی دەستپێکرد ئەویش لەو خەیاڵدانەوە دێت کە رابردوویان دەسەڵاتێکی سیاسی بووە و بەوەشەوە شانازیدەکەن و دەیانەوێ ئەو سەروەرییە بگێڕنەوە. واتە گەڕانەوە بۆ

رووكەشێكی رابردوو بێئەوەی بیر لەو بناغەیە بكەنەوە كە ئەو رابردووە خۆی لەسەر راگرتبوو . لەسەروو ئەمانەوە بەرهەمی سەرەتای دروستبوونی ئیسلام فەیلەسوف و بیرمەندی بەرز بوو، بەرهەمی ئیسلامی سیاسی مرۆڤی لاواز و بیری دۆگما و تیرۆریست بوو.

**لڤین : ئایا ئیسلامی سیاسی پرۆژەیەكی یەكانگیر و یەكرەنگ و خاوەن یەكزەمینەیە یان ئێمە لەبەردەم چەند جۆرێكی جیاوازی ئیسلامی سیاسییداین ؟ ئایا جیاوازییەكان بایی ئەوەندەن كە ئەم هێزانە یەك یەك و دوور لەیەكتر بخوێنینەوە ؟**

ئازاد قەزاز : لە هەندێك ڕووەوە دەتوانین بڵێین ئیسلامی سیاسی بە هەموو باڵەكانیەوە، خاوەنی یەكزەمینەن و لە هەندێ ڕووی ترەوە لە یەكتر جیاوازن. تەنانەت من دەڵێم نەك هەر ئیسلامی سیاسی لە هەندێ ڕووەوە لەیەك دەچن بەڵكو هەموو موسولمانانی جیهان و بە هەموو پارتە سیاسی و نەتەوەییەكانی بە ناو سیكولاریستەكانیش لەو زەمینەیەدا بەشدارن و لەیەكدەچن. واتە ئەو زەمینەیە كە موسولمانەكان بە گشتی بەیەكەوە دەبەستێتەوە، ئەویش زەمینەی (( ڕەها )) یە . ئیسلام ڕەهایەكە بۆ هەموو كات و شوێنێكدەست دەدات. قورئان سروشێكە و ڕاستەوخۆ لە خواوە نێردراوە و كەس بۆی نییە قسەی تێدا بكات، هەموو كافرێك بۆ دۆزەخ و هەموو موسوڵمانێكیش بۆ بەهەشت. موسوڵمان هەرچۆنێك بێت لە ناموسوڵمان چاكترە وسروتەكان فەرزێكی موتڵەقن و سین و جیمی تێدا نییە. ئەمانە و زۆر شتی تریش نەك هەر باڵەكانی ئیسلامی سیاسی بەڵكو هەموو موسوڵمانێك دەكات بەیەك و یەك زەمینەی پێدەبەخشێ. لەسەر ئەم یەك زەمینەییە جیاوازییەكی زۆریش لە ناو ئیسلامی سیاسیدا دەبینین، ئیسلامی سیاسی عەرەبی ، توركی ، فارسی ، هیندی ، پاكستانی ، ئەندەنوسی ، مالیزی و .... هتد . لە ناو ئەم وڵاتو نەتەوانەشدا دیسان ئیسلامی سیاسی دابەش دەبێتەوە ئەوەش پەیوەندییەكی زۆری هەیە بە بنەما پەروەردەیی و باكگراوەند و سەرچاوەی ڕۆشنبیری و شێوەی ژیان و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان. دەبینی ئیسلامی سیاسی میانەڕەو و توندڕەو و تیرۆریست پەیدا دەبن.

ئەگەر كورد وەك نموونە بهێنینەوە دەبینین ئیسلامی سیاسی لەم پارت و گروپانەدا، خۆی دەبینێتەوە (( **یەكگرتووی ئیسلامی ، بزووتنەوەی ئیسلامی، كۆمەڵی ئیسلامی، ئەنسارولئیسلام و ئەنسارولسوننە** )). هەر یەكە لەم گروپانەش لە ناو خۆیاندا چەندین بۆچوونی جیاواز بەدیدەكەی. لەوانەیە گەر بڵێم هێندەی ژمارەی تاكەكان ژمارەی ئیسلام هەیە راست بێت، بەڵام ئەمانە هەموو یەك سیما وەردەگرن بە هۆی ئەوەی لە ناو یەك پرۆسەی مێژووییدان كە لە وەڵامی پرسیاری یەكەمدا ئاماژەمان پێكرد.

ئایا دەتوانین پارتی و یەكێتی لە دەرەوەی ئەم پرۆسە مێژووییەدا سەیر بكەین، نەخێر چونكە هەر وەكو ووتمان ئەو زەمینەیەی كە ئیسلامی سیاسی هەیەتی ئەوانیش هەمان زەمینەیان هەیە و بە هەمان ئەقڵیەت و پێكهاتەی دەروونییەوە كار دەكەن. ئەگینا حەجكردنی مام جەلال و مەزارگای بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد و سروتدانان بۆیان و كردنیان بە قیبلەی نەتەوایەتی چ مانایەك دەبەخشێ، ئەوانیش بە هەمان شێوەی ئیسلامی سیاسی پیرۆزی دەدەنە پاڵ خۆیان و پێشبڕكێیان لەتەكدا دەكەن. پارتی و یەكێتی هەمان مرۆڤگەلن كە لە ناو پرۆسەی مێژوویی هەزار و پێنجسەد ساڵی ئیسلامدا گینگڵ دەدەن. ڕابردووی ئەمانیش هەمان ڕابردووی ئیسلامییە كوردەكانە. بەڵام ئەمان دروشمی نەتەوایەتیان هەڵگرتووە و ئەوان دروشمی ئایینیان هەڵگرتووە .. بۆیە ئیسلامی سیاسی هەمیشە دەیەوێ ئەوە دوو پات بكاتەوە و بیسەلمێنێ كە ئەوانیش كوردن و لەگەڵ كێشەی كوردان و پارتی و یەكێتیش ئەوە دووپاتدەكەنەوە كە ئەمانیش دیندارن و موسڵمانن. ئەم دوو ڕەهەندەش (( نەتەوایەتی و دینداری )) هەردووكیان پەیوەندیان بە ناسنامەی ڕوحی مرۆڤەوە هەیە، بەڵام ئەمان هەردوولایان ئەم دوو ئامانجە خراپ بەكاردێنن، گەیشتن بە دەسەڵات گەورەترین مۆتیڤی جوڵانەوەیانە، نەك تێركردنی پیویستیە ڕوحیەكانی مرۆڤ كە ڕەهەندی دینداری و نەتەوایەتیە و دوو دیوی زۆر پتەوی ئەو ئینتمایەن.

**لڤین : ئایا ئیسلامی سیاسی درێژكراوەی ئەو شارستانیەتە گەورەیەیە كە تا دوا نەفەسی (( واتە تا سەرەتاكانی سەدەی بیست ))یش ئامادە نەبوو هیچ ریفۆرمێك لەخۆیدا بكات، دەتوانین بڵێین ئیسلامی سیاسی هەمان ئیسلامی ریفۆرمنەكراوە كە ئێمە پێیئاشناین ؟**

ئازاد قەزاز : دەتوانین بڵێین ئیسلامی سیاسی درێژكراوەی ئەو شارستانیەتەیە كە بە شارستانی ئیسلام ناسراوە و هەروەك لە وەڵامی پرسیاری یەكەمدا ئاماژەم پێكرد، درێژكراوەی پرۆسەیەكی مێژوویی بەردەوامە. كە دەڵێم پرۆسەی مێژوویی مەبەستم لە پرۆسەی هۆشیاربوونەوەی مرۆڤە، كۆمەڵگەیە، نەتەوەیە. هۆشیاربوونەوەش پرۆسەیەكی دیالەكتیكی دینامیكیە، بەڵام هەموو پرۆسەیەكی مێژوویی مەرج نییە بە ئاراستەیەكی پێشكەوتن یان سەركەوتندا بڕوات، بەڵكو هەندێجار وا ڕوودەدات لە بری بەرەو پێشچوون و هەڵچوون، بەرەو دواوە و داچوون دەچێت، لەبری كامڵبوون، پوكانەوە ڕوودەدات. ئیسلام كە بە موحەمەد دەستپێدەكات سەرەتای سەرهەڵدانی شارستانیەتێك بوو كە پاشان پەلوپۆی بۆ زۆر لا كێشا، موحەمەد دەروازەیەكی لە زیهن و هۆشی عەرەب و دەورووبەریدا واڵاكرد، كە دواتر بووە هۆی ڕوودانی گەلێك گۆڕان لە دەروون و ڕەفتاری ئەو كۆمەڵگەیەدا. ئەم جۆرە گۆڕانانە مەرج نییە لە هەموو تاكەكانی ئەو كۆمەلگایە بە یەك ئاست و بە یەك شێوە رووبدات. ئەم گۆڕانە زۆر جار گۆڕانێكی فیزیایی دەبێ لای هەندێك و زوو دەگەڕێتەوە قۆناغی رابوردووی، بۆیە هەر دوای ماوەیەكی كەم دەگەڕێنەوە بۆ هەندێ لە شاكاری دابونەریت و مەزاجی دەروونیی پێشوویان وەك نموونەی مەعاوییە. بۆهەندێكیش گۆڕانێكی سایكۆلۆژی قوڵ دەبێت و زۆر كاری تێدەكات بەهەموو شێوەیەك هەوڵی چەسپاندنی ئەو مەبدەئانە دەدات وەك عەلی. ئیتر ئەم دوو باڵە بەبەردەوام لەو مێژووەدا لە ململانێدا دەبن. موحەمەد خاڵی دەستپێكردنی ئەو گۆڕانە بوو بەرەو ئەو شارستانیەتە، كە چەندەهاساڵیش هەر بەو ووزە و زەخیرەیەوە ئەو شارستانیەتە ڕێدەكات و ووردە ووردە لەو زەخیرەیە كەمدەبێتەوە. بێگومان كە دەڵێم شارستانی مانای وا نییە كە ئەو شارستانیەتە كامڵ و پڕ بووە و هەموو گرفتێكی مرۆڤایەتی چارەسەر كردووە و هیچ شتێك نەماوەتەوە بۆ باس و لێكۆڵینەوە . نەخێر بەڵكو لەو شارستانیەدا وەك هەموو شارستانیەتەكانی مێژووی مرۆڤایەتی دیاردەی ستەمكاری و دیكتاتۆری و خوێن ڕێژیش سەریهەڵداوە، بەڵام لە هەمان كاتیشدا زانا و فەیلەسوف و عارف زۆری تێدا پەیدابوون و بەرهەمی خۆی لەو كاتەدا بە مرۆڤایەتی بەخشیوە. خاڵی جەوهەریی بوونی شارستانیەت، بوونی دینامیكیەتی جوڵەی فیكری و ڕەوشتی و سیاسی مرۆڤگەلی ئەو كۆمەڵگایەیە. بە بەردەوام دوو هێزی خێر و شەڕ لە ململانێدان، هێزی شەڕ هەر چەند هەوڵدەدات ئەو شارستانیەتە دارمێنێ بەڵام هێزی خێر بەرەنگاری دەبێتەوە و ڕایدەگرێت، ئەم ململانێیە هەندێكجار هەزاران ساڵ دەخایەنێ. لە هەموو بەرەنگارییەكدا هەرچەند هێزی خێر سەردەكەوێ بەڵام هێزی شەڕیش قەلبەیەك هەر دەخاتە ئەو شارستانیەتە و هێزی خێر پینەی دەكات. هەموو ئەو بزاڤ و ڕێبازە فیكری و فەلسەفی و زانستی و سوفیگەریانە پەیدا دەبێت، بۆ پینەكردن و ڕاگرتنی ئەو شارستانیەتیە.

گرنگ نییە ئەو کارە بە ئاگا یان بێئاگایانە بێت. دەتوانین بڵێین ڕیفۆرم جۆرێکە لە پینەکردنی پۆشاکی شارستانی تا بەرگەی پۆشین بگرێ. هەتا توانای پینە کردن و جێی پینەکردن هەبێ ئەوە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو شارستانیەتیە هێشتا زیندووە و پێماوە. تا دەگاتە ڕادەیەك شوێن نامێنێ پینە نەکرابێ و ئەو بەرگە توانای پینەکردن و لەبەرکردنی نامێنێ. ئەوجا پێویستدەکات سەر لەنوێ بەرگێکیتر و لە قوماشێکیتر و بە مۆدێلێکیتر بدوورێت. شارستانیەتی ئیسلام تا کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستیش توانای ڕیفۆرمکردنی هەبوو، پاش ئەوە دەبوایە هەر ئەو بەرگە پینەکراوە لەبەرکا و زەخیرەی پێشوانی خەرج بکات. بەمشێوەیە جیهانی ئیسلامی دەکەوێتە خەوێکی خۆشەوە، خەوبینین بە ڕابوردووەوە، خەوبینین بە پاڵەوانەکانیەوە، لاساییکردنەوەی باوانیان. لەو کاتەدا لە ئەورووپادا مۆدێرنە سەرهەڵدەدات، کاریگەری سەردەمی مۆدێرنێتە بۆ جیهانی ئیسلامیش دەگوێزرێتەوە. لە سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا ئەو کاریگەرییە بە ئاشکرا دەردەکەوێت. بە ڕادەیەك لاساییکردنەوەی مودێلی ئیداری و سیاسی ڕۆژئاوا بە جیهانی ئیسلامییەوە بووە دیاردەیەك کە خۆی لە چەند نموونەیەکدا بینیەوە، وەك سوڵتانی عوسمانی سوڵتان عەبدولحەمید و پاشانیش دەوڵەتی کەمال ئەتاتورك لە تورکیا و شای ئێران لە ئێران. ئەو بارودۆخەی ئەوکات حاڵەتێکی ترس و وونبوونی ناسنامە لای موسڵمانەکان دەوروژێنێ و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بزاڤی جیاواز جیاواز. هەندێکیان دەیانویست دەقاو دەق لەو مۆدیلەی خۆر ئاوا بچن تا لەدەست ئەو مۆدێلە کۆنەی حوکم و دیکتاتۆرەکان ڕزگاریان بێت و هەندێکیتر دەیانویست لەڕێگەی نەتەوایەتییەوە بەرەنگاری ئەو کاریگەرییە ببنەوە و بەوە چارەسەری گرفتەکانیان دەکرێت و تەباییان بۆ دەخوڵقێت و، هەندێکی تریشیان پێیانوابوو ئایین و گەڕانەوە بۆ سیستەمی خەلافەتی ئیسلامی، لەو مەترسی ونبوونی ناسنامەیە دەیانپارێزێ و ڕزگاریان دەکات و بەرەنگاری عیلمانیەتیان پێدەکرێت.

لەبەر ئەوەی پرسیارەکان سەبارەت بە ئیسلامی سیاسیە ، لێرەدا زیاتر ڕووناکی دەخەینە سەر لایەنی بزاڤی ئایینی. بزاڤی ئاییینی لەسەرەتادا وەك بەرەنگاربوونەوەیەك بەرامبەر بە بیری مۆدێرنە سەریهەڵدا و لە هەمانکاتیشدا لە ژێر کاریگەری ئەو بیرەدابوو . لەسەرەتادا ئەو بزاڤانە لە وڵاتانی عەرەبی بزاڤی تاکە کەس و فیکری بوون وەك ڕەشید ڕەزا ، موحەمەد عەبدە ، جەمالەددین ئەفغانی و، لە تورکیاش سەعید نورسی و لە پاکستان ئەبوعەلای مەودودی هتد، تەنانەت بزاڤی ئیخوانلموسلمینش لەسەرەتادا دەکەوێتە ئەم چوارچێوەیەوە. چەندجارێك لە کەناڵی ئاسمانی (( **کوردسات** ))دا گفتوگۆکراوە لەسەر ئیسلامی سیاسی و بە تایبەتی ئیخوانلموسلمین هەستم کردووە زۆر نابابەتیانە لەو بابەتە دواون، هەروەك بڵێی ئەو بزافە هەرلەسەرەتاوە پیلان و دەستکردێك بووە و هیچ پەیوەندییەکی بە پرۆسەی مێژوویی و بارو دۆخی کۆمەڵگاوە نەبووبێ. ستەمێکی زۆریش لە حەسەن بەننا دەکەن لەو جۆرە بۆچوونانەدا. حەسەن بەننا بەتەئکید لە ژێر کاریگەری ڕەشید و عەبدە و ئەفغانیدا بووە، بەڵام لەهەمانکات سۆفیەکی ناو ڕێبازی ڕەفاعی بووە. لە ژێر کاریگەری ئەمانەدا هەوڵیداوە مەعریفەی ئەوان و ڕەوشتی ئەمان بێنێتە ناو کۆمەڵگاوە و بەبۆچوونی ئەوسای بەننا ئاوا دەتوانن کێشەی کۆمەڵگای داڕووخاو و پەککەوتووی ئیسلامی چارەسەر بکەن. ئەمە بۆچوونی بەننا بوو و پرۆژەی ئیخوانلموسلمینی بۆ دانا. لەگەڵ ئەوەشدا بەننا ڕازینەبوو لە پرۆژەکەی چونکە وەك یەکێك لە قوتابیەکانی لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفیزیۆنی لەگەڵ ئەحمەدمەنسور وتی کە بەننا ڕێکخستنی ئیخوانی دانا هەر زوو پەشیمان بۆوە لەبەر ئەوەی تێگەشت وەختی نەبوو و دەبوایە هەر لەسەر پەروەردەکردن بەردەوام بوایە نەك ڕێکخستن. ئەم قوتابییە خۆی لەگەڵ بەننادا بوو وە ئێستا لەناو ئەو ڕێکخستنەدا نییە. بەم مانایە ئەوانەی ئیمرۆ بەناوی ئیخوان قسە دەکەن گوزارش لە بیری بەننا ناکەن. ئیسلامی سیاسی ئەم ڕۆژانە گشتیان لەم ڕەگانەوە سەردەردێنن کە بەننا مەترسی لێی هەبوو. جگە لەوەش کە بزاڤی ئیسلامی کورد لەم سەرچاوەیەوە هەلقوڵابێت زیانی بە پرۆسەی مێژوویی کورد گەیاندووە. خۆ ئەگەر بیرە ڕاستەکەی بەنناش بە ئێمە بگەشتایە هەر زیانی دەگەیاند چونکە کێشەی عەرەب هەرچۆن بێت بە هەموو پێوانەیەك جیایە لە کێشەی کورد. کورد دەبێت پرۆژەکەی لە ناو جەرگەی خۆیەوە هەلقوڵابێت کە تا ئەم ساتەوەختە لەو جۆرە پرۆژەیە لە ناو ئێمەدا پەیدا نەبووە. مێژووی ئەم بزاڤە ئیسلامیانە کە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی سەدەیەك دیسانەوە جیاوازی هەیە لە نێوان سەرەتاو کۆتایی بزاڤەکە. لەسەرەتادا زیاتر بزاڤێکی مەعریفی و فیکری بوون. هەرچەندە ئەم بزاڤانە کاری سیاسیشیان لە هەناویاندا هەڵگرتبوو بە تایبەتی ئیخوانلموسلمین. دەکرا ئەم بزاڤە فیکریانە ئەگەر ڕەوشی سروشتی خۆیان وەرگرتایە دەبوونە هۆی گۆڕانێکی جەماوەری پۆزەتیڤانە، هەرچەند ئەمەش بە ئەستەم ئەزانم. چونکە حاڵەتی جیهانی ئیسلامی بەو شێوەیە نەبوو کە ئەو گۆڕانە جەوهەریەی لێدروست بوایە. بزاڤی فیکری ئەم سەرەتایە زۆر جیاوازە لەو سەرەتایەی کە ئیسلامی لێدروست بوو، چونکە ئەم بزاڤانە لەحاڵەتی سەرەتاییدا بوون و گەر باری جیهانی ئیسلامی لە قۆناغی پیربووندا نەبوایە دەکرا ئومێدی لێبکرایە. هەر بۆیەش لە هەناوی ئەم بزاڤە عیرفانی و فکریانە بزاڤی سیاسی و چەکداری



و تیرۆرستی پەیدا بوون. بوونە هۆی تەستیحکردنی خوێندنەوەیان بۆ دیاردە و ڕووداوەکان. لەبەرئەوە بە بۆچوونی من ناتوانین بە ئیسلامی سیاسی بڵێین ئیسلامی ڕیفۆرمکراو بەڵکو پێیدەوترێ ئیسلامی بێکرۆك و پوکاوە لە گشت جەوهەر و ناوەڕۆکێك، هەروەك بەری کاڵ و کرچی درەختێك.

**لڤین : چۆن گەڕانەوەی ئیسلامی سیاسی بۆ واجیهەی سیاسەت و دەسەلات لێکدەدەیتەوە کە ماوەیەکە زۆر بە چڕی دەبینین بۆتە تایتلی سەرەکی هەواڵ و ڕۆژنامەکان، لە فەلەستین دەگاتە دەسەلات ، لە میسر دەنگێکی زۆر دەهێنێت ، لەکوردستان سەرنجڕادەکێشێت و لەعێراقیش زۆرینەی کورسییەکان داگیردەکات، ئایا ئەمە موجەڕەد مۆدێلێکی کاتییە یان پرۆژەیەکی سەرتا پاگیر و دوورمەودایە کە دەبێت لەمەودوا دەستوپەنجەی لەگەڵدا نەرم بکەین ؟**

ئازاد قەزاز : گەڕانەوەی ئیسلامی سیاسی بۆ واجیهەی سیاسەت و دەسەڵات پەیوەندی بەو قۆناغەوە هەیە کە

کۆمەڵگەی ئیسلامی ئەمڕۆ خۆی تیا دەبینێتەوە. لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشودا باسمان لەوە کرد کە ئەم سەردەمە کۆتایی مێژووی ئیسلامە. سیمای ئەو کۆتاییە ناهۆشیارییەکی تەواو بەرامبەر چۆنیەتی ڕادەی گەشەسەندنی بیری مرۆڤایەتی و ماهیەتی ئەم زەمەنەیە کە جیهانی ئیسلامی بە خۆیەوە دەیبینێ . دەسەڵاتی سیاسی و حاکم و بزاڤی ئیسلامی لە پاش دامەزراندنی ئیخوانلموسلمین، هەریەکەیان بە جۆرێك ڕۆڵێکی مەزنیان بینی لە بەرپاکردنی ئەم ناهۆشیارییەدا. ئەو سەردەمەی کە بزاڤی ئیسلامی سەر دەردێنێ، ڕۆژهەڵاتی ئیسلام و ڕۆژئاوای مۆدێرن لەڕووبەڕووبونەوەدا بوون. ئەوەبوو پێشتر ئاماژەم بەوە کرد کە دەسپێکی بزاڤە ئیسلامییەکانی ئەفغانی و مەودودی و نورسی و ئیخوان تاڕادەیەك فیکری و مەعریفیانە بوو. دەیانویست وەڵامی پرسیارەکانی ڕۆژئاوا بدەنەوە کە بەرامبەر بە ئایین و پیرۆزگەرایی وروژاندبووی. واتە پێویستی دروستبوونی ئەوان ئەو زەمینەیە بوو کە بزاڤی فیکری و مەعریفی خۆرئاوا خولڤاندبووی و کاریگەرییەکەشی سەری بەرەو ڕۆژهەڵات دەکێشا. ئەو بزاڤە ڕۆژئاواییە توانی ئایینی مەسیحی بە تەواوی و یەهودیش تاڕادەیەك سیکولاریزە بکات. واتە جیهانی ڕۆژئاوای لە قۆناغی تیۆلۆژیەوە گوێزایەوە بۆ قوناغی زانستی و پاش ئەوەش بەرەو قۆناغی تەکنەلۆژی. ئەمەش کاری ڕۆژ و دوو ڕۆژ نەبوو، بەڵکو چەندین سەدەی خایاندووە. بتەوێ و نەتەوێ ئەمە لە هەموو لایەنێکەوە کاریگەری بۆ سەر جیهانی ئیسلامی هەبوو، هەموو ئەو بنەما فیکری و عەقیدەییانەی کە ئیسلام و کۆمەڵگەی ئیسلامی خۆی لەسەر ڕاگرتبوو وورده و وورده لێیدەخوارد و دەیڕماند. ئەم حاڵەتە ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆری لە جیهانی ئیسلامییدا خولڤاند. بۆیە دەبینین بزاڤی فیکری ڕەشید ڕەزا و عەبدە و ئەفغانی بە ڕێبازی تیۆلۆژیانە بەرپەرچی ئەو تەوژمە فکرییەیان دەدایەوە و ڕۆژئاواش لە قۆناغی زانستییەوە پرسیاریان دەوروژاند. وە نەبێ ڕۆژئاوا ئەم بارودۆخەی بەدەستی ئەنقەست خولڤاندبێ نەخێر فیکری مرۆڤە و ڕێگەی خۆی دەبڕێت و پێش ئەوەی کاریگەری بۆ جیهانی ئیسلام هەبووبێت کاریگەری بۆ جیهانی مەسیحی و یەهودی هەبووە. بەڵام لەبەر نەبوونی زەمینەیەکی وا لە جیهانی ئیسلامیدا کە کاری مەعریفی و فکری پەرەبسەنێت و بتوانێ پەیامەکەی خۆی لە ڕەوینەوەی ئەو ترسە جێبەجێبکات، شێوازی کاری ئەم بزاڤانە کەمتازۆر بەتایبەتی ئیخوان بەرە و کاری سیاسی سەریکێشا. واتە شێوازی کاری ئەو بزاڤانە لەم سی ساڵەی دواییدا جیاواز بوو لە شێوازی کارکردنیان لەسەرەتای سەرهەڵدانیان. کەمە کەمە کاریگەری نیگەتیڤانەیان بە جیهانی ئیسلامیەوە پێوە دەرکەوت. ئەمانە کاریان دەکرد لەسەر داخستن و وەستانی بیر و زەینی تاکی موسوڵمان، لە پێناوی ئەوەی کۆمەڵگەی ئیسلامی نەکەوێتە ژێر کاریگەری تەوژمی عیلمانی ڕۆژئاواوە. دەتوانین بڵێین کاری ئەم بزاڤانە جارێکیتر بانگەوازکردن بوو بۆ ئیسلام، بەڵام لە دوو جیهان و دوو زەمەن و دوو کۆمەڵگەی جیاوازدا. ئەم جیاوازییە زۆر کەم لەبەرچاودەگیرا، بۆیە لە بری شارستانی دروستبکات وەك سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلام، ئەمانە کۆمەڵگەی لاواز و بیری لاواز و و کاری تیرۆریستیان لێوە پەیدا بوو. سەدەیەك لە بانگەواز بۆ فیکرەیەك کە ئایین پاڵپشتی بێت و قسە لەسەر لایەنێکی گرنگی مرۆڤ بکات کە ئەویش ڕەهەندی ڕوحی و ناسنامەیە و جگە لەوەش بارودۆخی ناوچەکە بەگشتی لە بەرژەوەندی ئەو دیدگا و ڕوانگەیەی ئەوان بووبێ ، هەڵبەتە وا دەکات ئەوانیش دەرکەون و نیمچە دەسەڵاتیش بگرنە دەست. سەرەڕای ئەوانە شکستی ئەزموونی بزاڤی نەتەوایەتی و چەپ و عیلمانیش، وادەکات کە نۆرەی ئەوانیش بێت ئاشی خۆیان بخەنە گەڕ. دەبێ ئەوەش بزانین کە هێشتا جیهانی ئیسلامی بەتەواوەتی نەکراوەتەوە و هێشتا لە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیا و بزاڤە ئیسلامیەکاندایە و هێشتا ترس لە سیکولاریزم و ڕۆژئاوا زەمینەیەکی لەبارە بۆ بوونی ئیسلامی سیاسی. لەگەڵ ئەمانەشدا بە بۆچوونی من هێشتا بزاڤی ئیسلامی کەمیان لە دەسکەوتی دەسەڵات وەدەست هێناوە لە چاو ئەو مێژووەی هەیانە بە تایبەتی بۆ عەرەب ئەم دەسکەوتانە زۆر کەمە. چونکە عەرەب ئینتمای ئایینی و نەتەوەیی لە ئیسلامدا دەبینێتەوە. ئەمە بە شێوەیەکی گشتی لە نیشتمانی عەرەبدا بەڵام سەبارەت بە عێراق ئەوە حاڵەتێکی تایبەتیە کە ئیسلامیەکان هەلی دەسەڵاتگرتنە دەستیان زیاترە. هۆکاری ئەو حاڵەتەش ئەوەیە کە عێراق دووجار داخراو و ئاستەنگدار بوو لە تێکەڵبوونی بە فیکری ڕۆژئاوا. یەکەمیان ڕژێمی سەددام کە بە تەواوی عێراقی لە ڕووی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە جیهان دابڕیبوو. دووەمیان ئایدۆلۆژیای بزاڤی ئیسلامی کۆمەڵگەی عیراقی والێکردووە بە تەواوەتی فیکری ڕۆژئاوا ڕەتکەنەوە. ئەم دوو حاڵەتە وایکردووە هەر مەزهەبێك لەو کۆمەڵگایەدا زیاتر خۆی بەڕووی فیکری نائیسلامیدا دابخات و بەناو خۆیدا بچێتەوە. وایلێکردوون ڕوحی مەزهەبیان تێدا خەستتر کاتەوە. بۆ نموونە مەزهەبی شیعە لەبەر ئەوەی زۆر لە تقوسەکانیان لە چەندین ساڵ بوو لێقەدەغەکرابوو، وا ئێستە کە بواریان بۆ ڕەخساوە دەبینی چەند بە تاسە و گەرموگوڕییەوە جێبەجێیدەکەن. لەو باوەڕەدام ئەگەر 35 ساڵ لە بری سەرکوتکردن، ئازادی بوایە، ئێستە ئەو تقوسانە زۆر کاڵبووبونەوە . ئێستە کە سەددام لادەچێت بێگومان لەو گۆڕپانەدا ئەو مەزهەب وگروپانەن دەردەکەون کە هەم لە ڕووی ڕۆحی و هەم بە ژمارە هێزیان هەیە، ئەمەریکاش مامەڵە لەگەڵ زەمینەی واقیعدا دەکات. جگە لەوەش ئیسلام خۆی وەك ئایین کاریگەری بەسەر هەموو تاکێکی ئێمەوە هەیە، بەڵام چ ئیسلامێك نەك ئیسلامێکی ڕەوشت و مەعریفەیی بەڵکە ئیسلامێکی تقوسی و ڕووکەشی و تەوتەمی. عیلمانیەکانیش خاوەنی بیر ومەعریفەیەکی وەها نیین بتوانن بەرنگاری جۆری سیستەمی ئایدۆلۆژیایی ئیسلام بنەوە کە چەند سەدەیەکە کۆمەڵگەی ئیسلامی بەرەو دواوە دەباتەوە. بۆ تێپەڕاندنی سیستەمێکی وەها مرۆڤ پێویستی بە مەعریفەیەکی زۆر قوڵ و ئەخلاقێکی مرۆڤدۆستانە هەیە . ئەمەش لای ئێمە دەستناکەوێ و بزاڤێك نییە خاوەنی ئەو خەسڵەتە بێ. ئەوەی لای ئێمە باوە پەتا ئاسایە، ئەو پیاوانەی تا دوێنێ بە ناوی عیلمانیەتەوە دەدوان وا ئێستا لە ئیسلامیەکان ئیسلامیترن. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە یەکەم جگە لە کاری سیاسی هیچیتریان پێ نییە. دووەم بۆ ئەوەی دەسەڵاتیان لە کیس نەچێ ئامادەن لە بەرگێکی ئیسلامییدا خۆیان پیشانبدەن. لەگەڵ ئەمانەشدا بە پێی خوێندنەوەیەکی دووربینانە بۆ بارودۆخی ئەمڕۆی جیهانی ئیسلامی و لەبەرچاوگرتنی بزاڤی بیری مرۆڤایەتی دەتوانم بڵێم دیاردەی ئیسلامی سیاسی دیاردەیەکی کاتییە و بەرگەی مەعریفە و بیرکردنەوەی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی ناگرێ. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئیسلام وەك ئایین و مەعریفە نامێنێ و خەڵکی دەستەوسان بەرەو بێئایینی دەڕۆن. نەخێر بەڵکو ئەوەی کە ڕوودەدات ئەوەیە مانای ئایین لە مانای خوایەتیەوە تا دەگاتە بچوکترین تقوس و نەریتی ئایینانە ، دەگۆڕێ . ئەمڕۆ خەڵکی لای ئێمە بە هۆی گرفتی بژێوی ژیان و سەرقاڵیان بە پڕکردنەوەی پێویستەکانیان کە چەند ساڵێکە لێیبێبەریبوون، نایانپەرژێتە سەر چاودێریکردنی بیری نوێ و ڕەوتی کاروانی بیر و هزری مرۆڤایەتی. جگە لەوەش ئەم سیستەمە کەلتوورییەی کە ئەمڕۆ باڵی بەسەر کۆمەڵگانی جیهانی ئیسلامیدا کێشاوە، ناهێڵێ بوێرانە بیرکەنەوە. دەنا ئەوەی ئەمڕۆ گشتی ئاوا دەبنەوە و ئەو پارت و گرووپانەی ئەمڕۆ لە گۆڕەپانەکەدان بە ئیسلامی و

چەپ و نەتەوەییەکانەوە گشتیان ئاودیوی زەمەنی ڕابردوو دەکرێنەوە. بەڵام ئەمڕۆ چار نییە دەبێ ئەمانە دەرکەون و بۆ ماوەیەك ئاشی خۆیان بگێڕن. هەروەك مارکس دەڵێ " لێگەڕێن با بۆرژوازی سەرکەوێ و دەسەڵات بگرێتە دەست، ئەو جا کاری ئێمە دەستپێدەکات"چونکە لە گۆڕپانەکەدا ئەمان هەن و بەسەریاندا باز نادرێت. کەواتە هەم کۆمەڵگا و هەم گۆڕەپان ئیمڕۆ بە ئیسلامی سیاسی دەخوات بە تایبەتی لە جیهانی عەرەبیدا. لەگەڵ پەرەسەندنی پرۆسەی هۆشیاربوونەوە و دیموکراسی وورده وورده ئەو ڕەواجەیان نامێنێ ، یان دەبێ ئەوانیش گۆڕانێکی جەوهەری دید و ڕوانگەی سەیرکردنیان بۆ ژیان و مرۆڤ بگۆڕن.

**لڤین : ئەگەر دواڕۆژی ئەم ناوچەیە یان ئەو شتەی پێیدەڵێن (( دنیای ئیسلام )) بکەوێتە بەر ڕەحمەتی پرۆژەی ئیسلامی سیاسی، یەکەم / ناوچەکە چی بەسەر دێت؟ . دووەم / هاوکێشە جیهانییەکان چ گۆڕانێکیان بەسەردا دێت ؟**

هەرچەند پێشتر من ووتم گۆڕەپانەکە ئەمڕۆ بەوان دەخوات بەڵام ئەم گریمانەیە بۆ داهاتوویەکی دوور تا ڕادەیەك ستەمە تەواو بێ. چونکە ئاراستەی مێژووی گەشەی بیری مرۆڤایەتی بە پێچەوانەی ئاراستەی ئەوانە. خۆ ئەگەر ئەو گریمانەیەش تەواو بێت. ئەوا موسوڵمانەکان نەك بەرەو سەرەتای ئیسلام، بەڵکو بەرەو پێش ئیسلامیش دەچنەوە. دیارە ئەو گەڕانەوەیەش لە چەند ڕوویەکی جیاوازەوەیە و هیچیشیان لەیەك ناچن واتە: لە ڕووی تقوس و عیباداتەوە دەگەڕێنەوە بۆ قۆناغی تەوتەمیەت و لە ڕووی عەقیدەشەوە بۆ ئەنیمیەت. لە ڕووی سیاسیەوە ئەوا بارودۆخی ناوچەکە لە ئیستە باشتر نابێ ئەگەر خراپتر نەبێ، چونکە واقعی ئەمڕۆی ناوچەکە و بارودۆخی نێودەوڵەتی خوازیاری شتێکە پێچەوانەی ئاراستەی خەیاڵی ئیسلامی سیاسیە. ئیسلامی سیاسی کاتێ لە دەسەڵاتدا نییە واقیعەکە بە شێوەیەك دەبینێ و کاتێ دەگاتە دەسەڵات ڕووبەڕوی کۆمەڵێك واقع دەبێتەوە کە پێی قبوڵناکرێ، وەك چۆن لە گرتنە دەسەڵاتی حەماس دەیبینین. لە تورکیاش پارتی ئەردۆگان لە کاتێکدا لە دەسەڵاتدا نەبوو پارتێکی ئیسلامی بوو ، کاتێ دەسەڵاتی گرتەدەست بۆ گونجان لەگەڵ واقیعەکەدا ئیسلامیەتی خۆی کردە قوربانی عیلمانیەت. ئەو لە هەموان زیاتر پێدا دەگرێ کە تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا. چارەی کێشەکانی لەوێدا دەبینێتەوە نەك لە تەتبیقکردنی شەریعەتی ئیسلامدا.

لە ڕووی ئابووریەوە، ئەوان هەروەك پارت و گرووپەکانی تر تا ئێستە نە خاوەنی پسپۆڕێکن لە بواری ئابووریدا و نە خاوەنی تیۆریەك یان پرۆژەیەکی ئابووری وان کە بتوانێ لەگەڵ ئاستی ئابووری جیهانیدا ڕێبکات. ئیسلامییەکان پێیانوایە گوایا بە هاتنی ئەوان بۆ سەر دەسەڵات گەندەڵی نامێنێ کەواتە باری ئابووری چاك دەبێ بە کوردییەکەی دزیناکەن، بەڵام ئەمەش خەیاڵێکی خۆشە، چونکە چارەسەری ئابووری بە تەنها بە چارەسەری گەندەڵی و دزییەوە نەبەستراوەتەوە. جگە لەوەش چارەسەری گەندەڵی بە ئامۆژگاری و مەوعیزە ناکرێ ، ئەو کارە خوازیاری پرۆسەیەکی زانستی و کۆمەڵایەتییە، پێموانیە جارێ لای ئێمە ئەوە دەستکەوێت. وەختی خۆشی ساڵی 1995 کە حیزبی فەزیلەی تورکی بە سەرۆکایەتی ئەربەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست (( **لەو کاتەدا من خۆم لە تورکیا بووم** )) یەکێك لەو خەیاڵە خۆشەی هەیانبوو، ئەربەکان سەردانێکی عێراقیکردبوو و لەگەڵ سەددامدا باسی پرۆسەی دیناری ئیسلامیان کردبوو ... جگە لەوەش هەرهەمان پارتی ئەردۆگان کە لە پارتەکەی ئەربەکان جیا بووەوە و ئێستە لە دەسەڵاتتدایە بۆ چارەسەرکردنی گرفتە ئابوورییەکانی وولات ڕوو دەکاتە ئەورووپای عیلمانی. لە موناقەشەیەکدا لەگەڵ ئیسلامییەکی ئەربەکانی هەر لەوساڵەدا کە لە تورکیا بووم دڵی بەوە خۆش بوو مادام ئێمە دزیناکەین باری ئابووری تورکیا بە چاکی ڕاستدەکەینەوە، منیش بزەیەك گرتمی و وتم بابزانین. هەمان هەڵوێستم لەگەڵ ئەندامێکی باڵای یەکگرتوودا لە موناقەشەیەکی تردا بۆدرووستبوو لە تورکیا کاتێ وتی ئەگەر ئێستا(1995) هەڵبژاردن بکرێت لە کوردستانی باشووردا ئەوا یەکگرتوو یەکەم دەبێت. لێرەشدا بێدەنگ بووم و وتم با بزانین.

ئیتر بڕوانە، ئەوە ئەزموونی سودان لەو لاوە با بووەستێ ئەوانیش بۆ چارەی گرفتەکانیان ئەوە بوو عومەر بەشیر پاڵی نا بە حەسەن تورابیەوە تا بتوانێ زیاتر ڕوو لە جیهانی ئەوروپا و عیلمانی بکات. ئەزموونی ئێران دوای ئەو هەموو پێداگرتنە لە سەر ئەوەی کە سیما و ڕووکەشی ئیسلامی خۆیان بپارێزن، دەبینین، دەیەوێ بە کۆمەڵگەیەکی لاواز و پەککەوتە و پڕگرفتی کۆمەڵایەتی، زۆرانبازی لەگەڵ ئەمەریکا و ئەوروپا بکات و ڕووبەڕووی ئەنجوومەن و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بێتەوە.

من کە ئەم بۆچوونانەم هەیە لەلایەکی دیکەشەوە پێموانیە کە دەسەڵاتێکی عیلمانی وەك لای خۆمان چارەی کێشەکانی پێبێت. تورکیا شازی نموونەی عیلمانی و دیموکراسیە لە ناوچەکەدا ئەوەش هەڵوێستیەتی بەرامبەر چارەنووسی گەلێکی وەك کورد. حەزدەکەم لێرەدا ئەوە بێنمەوە یاد کە لەسەرەتادا ئاماژەم پێکرد، وتم ئێمە پێویستمان بەوە هەیە کە بە پرۆسەی عیلمانیدا تێپەڕین. هیچ ئەوە ناگرێتەوە مادام تورکیا بە ناوی عیلمانیەوە قسە دەکات مانای وابێ بەو پرۆسەیەدا تێپەڕی بێت، نەخێر ئەوان هەر لە لەبەردەم دەروازەی عیلمانیەتدا چەقیون. چونکە ئەو مێژوو و ڕابوردووە خەست وخۆڵە هێندە ئەستوور و قەبەیە نایەڵێ بە ئاسانی بچنە ئەودیو دەروازەکەوە، لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ سەرۆك حکومەتی تورکیای پێشوو سلێمان دیمیرال کە خۆی بە پاسەوانی عیلمانیەت دادەنێ لە قسەکانیدا لەڕووی ئەقڵییەت و بیرکردنەوە سەبارەت بە ئاین و خوا و گەردوون هیچ جیاوازیەکی نەبوو لەگەڵ ئیسلامیەکی ئەربەکانی یان نوری یان سۆفیگەری. بۆیە لە چەند نوسینێکی ترمدا سیاسەتی تورکیا و عێراقی ئێستە بە سیاسەتی پێش دیموکراسی ناوزەند دەکەم.

(( ئەو عیلمانیەتەی من مەبەستمە هەرچەند لێرەدا کایەی ئەوەمان نییە باسی لێوە بکەم، بەڵام بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە پێویست بە ئاماژەیەك دەکات. ئەویش ئەوەیە کە عیلمانیەت ئەو جۆرە گۆڕانە جەوهەریەیە کە لە مرۆڤێکدا ڕوودەدات وایلێدەکات کە چەمکی گەردوون و ژیان و مردن و ئاین و تەنانەت – خوا– ش بە تەواوی بە جۆرێکیتر بخوێنێتەوە و لای ئەم مانایەکیتر وەردەگرن ، ئەو مرۆڤە بەو گۆڕانکارییە وەك ئەوە وایە جارێکیتر و لە زەمەنێکیتردا لە دایکبووبێتەوە، واتە جیهانێکی بە تەواوی نوێ ، بەڵام ئەم جیهانە نوێیە خاڵی نییە لە ڕەهەندی ڕوحی و بێ خودا ش نییە ، بەڵام خوایەکیتر و مرۆڤێکیتر و گەردوونێکیتر دەخولقێن. لێرەدا فەیلەسوفی ئیتالی (( **گیانی فاتیمۆ** )) کە هێشتا لە ژیاندایە بەنموونە دەهێنمەوە. یەکێك لە بنەماکانی عیلمانیەت بە زەمینیکردنی دیاردە نادیارەکانە کە چەمکی خوایەتیش دەکەوێتە ئەم چوارچێوەیەوە. فاتیمۆ کە تا ئەم دواییەش خۆی وەك بێدینێك لەقەڵەمداوە، دەگەڕێتەوە و لەکتێبێکیدا بە ناوی (( **باوەڕم وایە کە باوەڕم هەیە** )) دەڵێ من دەبمەوە بە مەسیحی چونکە مەسیح یەکەم کەس بوو خوای هێنایە سەرزەوی و خوایەکی نادیاری کردە خوایەکی دیار. بەڵام ئایا ئەم بە مەسیحیبوونەوەی فاتیمۆ ئەو مەسیحیەتەیە کە مێژوویەکی دیاری هەیە و ئەو مەسیحیەتەیە کە عەقیدەی کاسۆلیك و پرۆتستانت هەڵگرین؟ بە تەئکید نەخێر چونکە ئاسمان و ڕێسمانیان

فەرقە ئەم پرۆسەیە جاریّ لای ئیّمە نەهاتۆتە دی، هەموو پارت و گرووپەکانی لەمەڕ خۆمان هەر لە بازنەی جیهانیّکی کۆن و پەککەوتەدا بیردەکەنەوە. کیّشەی ئیّمە هیّندەی کیّشەی عەقلّیەت و پیّکهاتەی دەروونیە، هیّندە کیّشەی پارت و گرووپی جیاواز جیاواز نییە.

بەڵام کیّشەی گەورەی ئیسلامییەکان ئەوەیە کە ئەوان لە ساتەوەختیّکی میّژووییدا چەقیوون، بە ئاسانی دەرباز نابن. هۆشیار بوونەوە و دەربازبوون لەو حاڵەتە ئاستیّکی بیرکردنەوەی بەرز دەخوازیّ کە ئەویش لە پرۆسەی بە عیلمانیبووندا خۆیدەبینیّتەوە. هەرچەند عیلمانیەت نابیّتە بەدیلی عەقیدەیەك. بەڵکو پرۆسەیەکی ئەقڵی و نیوتراڵە، پرۆسەیەکە ڕۆڵی بەتاڵکردنەوە لە عەقیدە دەبینیّ و مرۆڤ سەرپشکدەکات لەوەی بە چ عەقیدەیەکیتر خۆی پڕدەکاتەوە . ئەم بەتاڵکردنەوە و پڕکردنەوەیە لە میّژووی مرۆڤایەتیدا هەر بووە و بەردەوامیشدەبیّ . تا سەردەمی مۆدیّرنە هەر عەقیدەیەکی ئاینی، بەبەتاڵکردنەوەی عەقیدەیەکی ئاینی پێش خۆی دەستپیّکردووە. بەڵام پاش مۆدیّرنە ئەو ڕۆڵی بەتاڵکردنەوەیە کەوتە دەستی زانست و فەلسەفە. یان ڕوونتر بڵیّین عیلمانیەتە ئەمڕۆ ئەو ڕۆڵە دەبینیّت. کاتیّ ئیسلام هات ئەو ڕۆڵە یان ئەو پرۆسەیەی ئەمڕۆی عیلمانیەتی بینیوە هەروەك ئاینەکانیتریش لە ئاست ئاینی پێشووتر دیویانە. بڕوانە (( **لا الە الا اللـە** ))، دەبینی پیّکهاتووە لە (( **لا الە** )) واتە هیچ خوایەك نیە، ئەمەیان (( **بەتاڵکردنەوەیە** )). (( **الا اللە** )) واتە تەنها اللە نەبیّت ، ئەمەیان پڕکردنەوەیە. واتە موحەمەد لەسەرەتادا نەتەوەکەی لە هەرچی عەقیدە و خوای جۆراو جۆری پیّشوو هەیە بەتاڵکردەوە و دوایی بە یەکتاپەرستی پڕیکردنەوە. بۆچی (( **اللـە** ))؟ ئەم وشەیە ناویّکی عەرەبییە بۆ ((**خودا** )) و عەرەب بەو ناوە ئاشنا بوون و میّژووی ئەو ناوە دەگەڕیّتەوە بۆ سەردەمی باو باپیرانیان (( **ئیبراهیم و ئیسماعیلی کوڕی**



)). ئەگەر لە تقوسیّکی ڕۆژانەی بودیسم وردبیتەوە دەبینی بەبەردەوام لەو بەتاڵکردنەوە و پڕکردنەوەیەوە سەرچاوەدەگریّت ئەویش ئەوەیە کە بەبەردەوام دەڵیّن (( **بەتاڵیی فۆرمە و فۆرمیش بەتاڵییە** ))، ئەم حاڵەتە فیّری ئەوەیان دەکات کە بەبەردەوام فیّری دەستبەرداری ڕابوردووبن و بە ئاسانی نوێخوازی قبوڵبکەن. هەرچەندە ئەم تقوسانە لەمڕۆدا هێندە کاراییان نەماوە بەڵام مەبەستەکە ئەمەیە کە ئیّستا من دەیڵیّم. ئەمڕۆ هیچ عەقیدەیەکی ئایینی ئیتر ناتوانیّ ئەو ڕۆڵەی عیلمانیەت ببینیّ، کە خۆی ئەو ئاینە پێشتر ئەو ڕۆڵەی سەبارەت بە ئاینەکەی پێش خۆی بینیوە. ئیسلام ناتوانیّ جاریّکیتر ئەو ڕۆڵە ببینیّت و لەگەڵ عیلمانیەتدا هیچی پیّناکریّت. بەڵکو عیلمانیەت دەتوانیّ جیهانی ئیسلامی لەو عەقیدەیەی بەتاڵکاتەوە، دوای ئەوە بە چی پڕ دەبیّتەوە هیّشتا سیماکانی دیار نییە. چونکە هەر وەکو ووتمان عیلمانیەت نە خۆی عەقیدەیە و نە ڕۆڵی پڕکردنەوەش دەبینیّ. ئەمە ئەو سیما جیاوازیە کە عیلمانیەت لەبەرامبەر ئاییندا هەیەتی. ئایینك هەر خۆی ڕۆڵی بەتاڵکردنەوە و هەر خۆشی ڕۆڵی پڕکردنەوەی دەبینی واتە هەردوو ڕۆڵەکە بە ناوی خوایەك یان میتافیزیکایەکەوە دەبینی، بەڵام عیلمانیەت پرۆسەیەکە ڕۆڵی بەتاڵکردنەوە دەبینیّ و ڕۆڵی پڕکردنەوەش بۆ مرۆڤ خۆی جیّدێڵیّ وەك ئەو نمونەیەی فاتیمۆ.

ئەمڕۆ لە ڕۆژئاوادا کە پرۆسەی عیلمانیەت جیّبەجیّکراوە، وە نەبیّت عەقیدەی تر دروستنەبوبیّ ، بەڵام جیاوازی ئەم عەقیدە دروستبووانە ئەوەیە کە لەسەر بنەمایەکی پیرۆزی و غەیبی دانەمەزراون ، بەڵکو لەسەر بنەمای بە مرۆڤبوون دامەزراوە و پریشە لە ڕەهەندی ڕۆحی. بۆ نموونە هیومانیزم یەکێکە لەو چەندین عەقیدەیەی لە ڕۆژئاوادا جیّگای ئایینی غەیبی گرتۆتەوە . کاسۆلیك و پرۆتستانتیش تادیّ ڕۆژ بە ڕۆژ بەرگی غەیبیانی لێدادەڕنریّ و خەریکە دەبنە ئاینیّکی زەمینی و مرۆڤانە.

ئیسلامیش هەمان پرۆسەی بەسەردا دیّت و مانەوەکەی، مانەوەیەکی میّژووییانە دەبیّت بە تایبەتی لەناو عەرەبدا، چونکە ئیسلام ناسنامەیەکی پتەوی بۆ عەرەب پیّکهیّناوە. ئەمە لە داهاتوویەکی دووردا، بەڵام سەبارەت بە ئیسلامی سیاسی ئەوەندە خۆی پیّناگیریّ وەك ئیسلام خۆی کە میّژوویەکی فیکری و مەعریفی لە پشتەوەیە. بۆیە ئەو گریمانەیەی کە ناوچەکە بکەویّتە بەر ڕەحمەتی ئەوان مەزەنەیەکی تا ڕادەیەکی زۆر دوورە، هەر چەند تا دە بیست ساڵیّکی تریش هەر دەنگوباسیان گەرموگوڕدەبیّت، چونکە ئەڵتەرناتیڤی ئەوان جاریّ دروستنەبووە.

من کە ئەم بۆچوونەم هەیە نە لە دژایەتی کردنمە و نە ڕقلیّبوونەوەیشە، بەڵکو خوێندنەوەیەکی زانستیانەی میّژووییە بۆ دیاردەی ئیسلامی و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات . بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە وتاری (( **عێراق و ئایندەیەکی ئاڵۆز** )) و (( **نەستی موسڵمانەکان و شکاندنی بتێك** )) بخوێنەرەوە لە www.rwanin.com ئەرشیفی 2003.

خۆشم ئەوە زۆرباش دەزانم هەرچەندە بمەویّ ناتوانم نە بەتەواوەتی بابەتی بم و نە بەتەواوەتیش ئەو چاویلکەیە لابەرم کە بەرچاوی هەموو مرۆڤێك دەگریّت، چونکە من هەرچی و هەرچۆن بم هەر ئەو مرۆڤە کورتبڕەم کە ناتوانم هەموو شتەکان ببینم، لەگەڵ ئەوەشدا بە هەموو توانایەکی زانستی خۆمەوە ئەو هەوڵەم داوە چاویلکەی ڕابوردو، ئایدیۆلۆژیا، میّژوو، حەزی تاکگەرایی وەلانیّم، چونکە ئەم چاویلکانە هیّندە بەتوندی بە سەر و گوێلاکمانەوە لکاون بەهەموو هیّزوتوانای خۆتەوە هەردەتوانی ماوەیەك لایەریت و هیّندە ناخایەنیّت بیّ ئەوەی بەخۆت بزانیت دێتەوە بەرچاوت و بەرچاوتدەگریّت و دیسانەوە دەبیّ ئەو خەمە بخۆیتەوە کە بەرچاوت بیّ چاویلکە کەیت و زانستیانە دیاردەکان بخوێنیتەوە.

**لڤین : ئەی ئەم هیّزە لە خۆرئاوا وجودی چۆنە ؟ بەهیّزە یان لاواز ؟ کاریگەرە یان دوورە لە کاریگەریی دانان لەسەر کۆمەڵگە و جڤاتەکانی ئەویّ ؟ ئەی خۆرئاوا (( گەر بشیّت وەکو یەکەیەکی شارستانی وەربیگرین )) چۆن مامەڵە لەتەك ئەم هیّزەدا دەکات ؟**

لەسیّ تەوەرەوە دەتوانین باس لە ئیسلامی سیاسی لە ئەوروپادا بکەین ئەوانەش تەوەری ئەکادیمی و سیاسی و کۆمەڵایەتیە. لە تەوەری ئەکادیمیەوە کە زانکۆکان دەگریّتەوە ، زۆر باش ئاگاداری ئیسلام و میّژووی ئیسلامن و زانستیانە لیّیدەڕوانن و بەیەکیّك لەو دیاردە گرنگانە دادەنریّت کە بەشدارییەکی بەرچاوی بووە لە ڕەوتی میّژووی مرۆڤایەتیدا. سەبارەت بە ئیسلامی سیاسیش لای ئەوان ڕەگ و ریشەی قوڵی هەیە و دەگەڕیّتەوە بۆ پرۆسەیەکی میّژوویی دووردوودرێژ. هیچکات من هەستمنەکردوە و نەمدیوە کە بە چاوی

ڕقوقین یان نابابەتیانە لە ئیسلام یان ئیسلامی سیاسی بڕوانن یان پەنجەی گومان و تاوانباری بۆ ڕاکێشن، بەڵکو هەندێجاریش وا ڕێکەوتووە کە بیانوویان بۆ هێناونەتەوە. چونکە ئەوان زۆر چاك لەوە گەیشتوون کە تێپەڕاندنی قۆناغی ئاینداری و تیۆلۆژی بەرەو قۆناغی ئەقڵ و زانست کارێکی ئاسان و سانا نییە. هۆی ئەو ئاگاداریيەشیان لەو ڕووە وە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مێژووی خۆشیان هەروا ئەو قۆناغەی بە زەحمەت و دوای تێکۆشانێکی زۆر سەخت بڕیوە.

لە تەوەری سیاسیشەوە هەندێ لەو پارت و گرووپانەی کە پێیانوابووە ئیسلامی سیاسی مەترسیدارە لە دوای یانزەی سێپتەمبەر ئەو مەترسیەیان زیاتر بووە و تەنانەت ئەم مەترسیە کاریگەری هەیە لەسەر دید و ڕوانگەی پارتەکانی تر کە تا ئێستە ئەو مەترسیەیان نەبووە. لە ناو زۆربەی دانیشتوون و کۆبوونەوەکانی پەرلەمان و پلان و نەخشەدانانی حکومەت و میدیاکاندا باسی ئیسلامی سیاسی و تیرۆر (( بە تایبەتی )) و خستنەکاری یاسای نوێ و توند بۆ ڕێگرتن لەو مەترسییە، لە جاران حزوری زیاترە و هەندێجاریش دەبێتە بابەتی سەرەکی مێزگرد و بەرنامەی میدیاکان. بەڵام لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە لەئاستی ڕەسمی هەموو ئەو حکومەتانە تیرۆر و تیرۆرستان دەخەنە خانەیەکی جیاواز لە خانەی ئیسلامی سیاسی.

لە تەوەرەی کۆمەڵایەتییەوە. هەندێکجار ڕووبەڕووبونەوە ڕوویداوە لە نێوان موسڵمانە نیشتەجێکان و دانیشتوانی ڕەسەنی ئەو وڵاتانە، وەك سوتانی مزگەوت و قوتابخانە ئیسلامیەکان یان سوتانی کەنیسە و کوشتن و هەڕەشەکردن لە کەسانی سیاسی و ڕۆشنبیرانی ئەو کۆمەڵگەیە، یان بە شەڕەقسە و ووشە و برگەی ناشرین و نا بابەتیانە ئازاری یەکتر دەدەن . ئەم دیاردەیە زیاتر لە نێوان ئەو خەڵکانە دەبینرێ – لە هەدوو لا – کە ئاستێکی ڕۆشنبیری نزمیان هەیە و شارەزای مێژووی فیکری و مەعریفی ئیسلام و ڕۆژئاواش نین. ئەو ترسەی ئەوروپییەك لە موسڵمانێك هەیەتی ، بە هەمانشێوە موسوڵمانێکیش هەمان ترسی لە کەسی خۆر ئاوایی هەیە بەڵام زۆرجار هەردوولا نازانن مامەڵە لەگەڵ ئەو ترسەیان بکەن و گوزارشتی لێبکەن، ئەو پیاوەی بەناوی (( **پیم فورتاون** )) کە لە لایەن هۆڵەندییەکەوە تیرۆرکرا، لەسەر تەلەفیزیۆن قسەیەکی کرد کە گوایە ئیسلام کەلتورێکی دواکەوتووە. مەبەستی لە کەلتوری ئیمڕۆی موسڵمانەکان بوو. ئەم پیاوە لە بواری سۆسیۆلوژی پسپۆڕ بوو و دامەزرێنەری پارتێکی سیاسی بوو. لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکێکی زۆر دژ بەو بۆچوونەی ئەو بوون. بۆنموونە پرۆفیسۆرێکی زانکۆی (( **نایمێخن** )) لە هۆڵەندا پسپۆڕ لە بواری سۆفیگەری لە پاش مردنەکەشی لە موحازەرەیەکدا کە باسی ئەبوحامیدی غەزالی هاتە ناو ناوانەوە وتی دەبێ (( **پیم فورتاون** )) شەرم بیگرێت کە بە ئیسلام دەڵێ کەلتورێکی دواکەوتو بوو، کاتێ ئەو کەلتوورە کەسێکی وەك غەزالی بەرهەمهێنابێت.

کۆمەڵگەی ئەوروپی زۆرجار دەبن بە دوو ئاراستەی جیاوازەوە ، ئاراستەیەك پشتگیری لە موسڵمانەکان دەکەن و ڕەخنەی توندیش لە دەسەڵاتی حوکم و کۆمەڵگەکانی خۆیان دەگرن کە نازانن مامەڵە لەگەڵ دیاردەی ئیسلامی سیاسی و موسوڵمانەکان بکەن. زۆر بەویژدان و بابەتیانە (( **هەندێجار بە نەشارەزاییش** )) سەیری ڕوودا و دیاردەکان دەکەن. ئەو ئاراستەیە پێیوایە کە کۆمەڵگە و حکومەتەکانیشیان زیاتر خۆگر و بە ئارامتر و ئاقڵانەتر مامەڵە لەگەڵ جالیەی ئیسلامی نیشتەجێی وڵاتەکەیان بکەن و زیاتر مرۆڤانەتر مامەڵەیان لەتەکدا بکەن. مەبەستی ئەوانیش لەمەدا ئەوەیە کە گرووپە تیرۆریستەکان لە کۆمەڵگە دابڕن و ئەوان نەبنە پاڵپشتیان و دالدەیان نەدەن .

ئاراستەیەکیتر پێیوایە کە سیاسەتی حکومەتەکانی پێشووتر و کۆمەڵگەی ئەوروپی بە گشتی زۆر سادە و ساکار مەمەڵەیان لەگەڵ دیاردەی ئیسلامی سیاسی کردەوە و ڕێگەی زۆریان پێداوون کە بە ئازادانە بانگەشە بۆ گوتار و دید و بۆچوونی خۆیان لە مزگەوتەکان و تەنانەت شەقامەکانیشدا بکەن. پێیان وایە کە ئەوان ئەو ئازادی ڕا دەربڕینەی ئەوروپایان زۆر خراپ بەکار هێناوە. بۆیە دەبێ یاسا و ڕێوشوێنی توندوتیژتری زیاتر بەکار بهێنرێ لەبەرامبەر هەندێ دیاردەی وەك قوتابخانە ئیسلامیەکان و ووتارە ئایینیەکانی مزگەوتەکان و دیاردەی حیجاب و دزەکردنی کۆچبەران بۆ وڵاتەکانیان.

ئەوەی زیاتر قەیران دروستدەکات ئەوەیە کە موسوڵمانەکانی دانیشتووی ئەوروپا و دەرەوەی ئەوروپا هیچ شارەزاییەکیان لە مێژووی فیکری و مەعریفی ئیسلام نییە هەروەك بڵێی مێژووی ئیسلام بریتیە لە سەردەمی موحەمەد و هاوەڵەکانی و ئەو سەرکەوتنانەی کە لە ڕووی سیاسی و عەسکەرییەوە لەو کاتەدا بەدەستیان هێناوە ، دەیانەوێ ئەو حاڵەتە بۆ ئەمڕۆ بگوێزنەوە . ئەم حاڵەتە وایلێکردون نەتوانن ئاقڵانە و زانستیانە مامەڵە لەگەڵ کێشە و ڕووداوەکانی ئەمڕۆدا بکەن، بە کورتییەکەی ئەو عەقیدەیە کە دوێنێ بووە هۆی کرانەوەیان بەسەر دنیادا ئەمڕۆ پێیگوشراون و هەموو سیستەمێکی بیرکردنەوە و دینامیکیەتی میکانیزمەکانی دەروونی ئەو موسوڵمانانەی خنکاندووە و سەرکوێریکردوون. بە ڕادەیەك گیریانخواردووە لەئاست مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمڕۆدا. گەر کەسێکی هۆشیار لە دەرەوەی خۆیان تێیانبڕوانێ وادەزانێت ئەمانە خەوتوون و خەون دەبینن.

**لڤین : ئایا ئیسلامی سیاسی مەترسییە بۆ سەر کۆمەڵگاکان یان ڕزگارکەر و دەرهێنەری ئەو کۆمەڵگایانەیە لەودۆزەخەی ئێستا تیایدا دەژین ؟ ئەگەر مەترسیین چۆن دەتوانین ڕووبەڕوویان ببینەوە ؟**

بێگومان ئیسلامی سیاسی مەترسییە ، نەك لەبەر ئەوەی ئەوانە هەڵگری عەقیدەی ئیسلامن یان لەبەر ئەوەی ئەوان موسوڵمانن ، نەخێر هەر لەبەر ئەوەی ئەوانیش وەك ئەو پارت و گرووپانەی تری ڕۆژهەڵات بە پرۆسەی عیلمانیەت و دیموکراسیدا تێنەپەڕیون. باشتر بڵێم من هەر ئەوان بە مەترسی نازانم، بەڵکو هەموو ئایدۆلۆژیا نەتەوەگەری و چەپگەریەکانیش بە مەترسی دەزانم. چونکە گشتیان بەم ئەقڵیەت و بیرکردنەوەی ئێستا هەیانە مەترسین بۆ مرۆڤایەتی و لە پێشەوە بۆ مرۆڤگەلی خۆیان.

لێرەوە وەڵامی یەکجاریم بۆ هەموو پرسیارەکانت ئەوەیە، بەلێ ئیسلامی سیاسی ڕزگارکەری مرۆگەلی ئێمە نیین و ناشتوانن لەو دۆزەخەی کە تیایدان دەریانهێنن. بەڵام ئەوان وەك مرۆڤگەلی ئەم نەتەوەیە ڕێزی خۆیان هەیە و نابێت بەکەم سەیر بکرێن، چونکە ئەوانیش هیچیان لەوانیتر کەمتر پێنیە، ئەگەر زیاتریان پێنەبێت، ئەوانیش وەك ئەوانیتر قوربانی مێژوو و ڕابردووی خۆیانن. گلەیی و ڕەخنەی من بە شێوەیەکی گشتی لەوان ئەوەیە کە ئەوان لەسەردەمێکی مێژوویيدا چەقیون. دەربازبوونیان لەو حاڵەتە پرۆسەیەکی هۆشیارکردنەوەی هێدی و لەسەرخۆ، دەخوازێ، کە سەرجەم کۆمەڵگە و مرۆڤگەلی ئێمە پێویستی بە پرۆسەیەکی لەو شێوە هەیە. تاکوتەرا لێرە و لەوێ لە لای هەندێ ڕۆشنبیری سەربەخۆ ، شێوازێك لەو جۆرە پرۆسەیە بەدیدەکرێ و منیش بە پێی توانای خۆم هەولێکم داوە لە ڕووی دەروونی و ڕۆحی و مێژووییەوە و لە چوارچێوەی فینۆمینۆلۆژیادا پرۆسەیەکی لەو شێوەیە بۆ نەتەوەی کورد بە ناوی (( **ئەنتی باوان** )) لە دوو توێی کتێبێکدا بە ناوی (( **سایکۆپۆلۆتیك** )) گەڵاڵە بکەم . ئەم کتێبە هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە..